چیرۆك و هۆنراوە بۆ مندالآن

# گەشتەکەی لانە بۆ سەر مانگ

## فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

سلێمانی چاپی یەکەم ساڵی 2009

ناوی نووسەر: فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

ناوی کتێب: گەشتەکەی لانە بۆ سەر مانگ

بابەت : چیرۆک و هۆنراوە بۆ منداڵان .

تایپ: چـــاوان عـــــــەلی .

نۆبەی چاپ: یەکەم .

تیراژ: (١٠٠٠) دانە.

ژمارەی سپاردن (        ) / ٢٠٠٩

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ خاوەنەکەی.....

# پێشکەش بێت بە:

*لانە و شەن و لێوان.

* هەموو منداڵانی کورد.

* مامۆستایان و دایکان و باوکان.

*هەموو ئەو دڵسۆزانەی دەیانەوێت ئەدەبی منداڵان بەرە و پێش بڕوات.

فـــەرهـــاد ئەحمەد بەرزنجی

ســـــــلێمانی

٢١ /٣/٩-٢-

# پێشەکی :

ئازیزان پێمخۆشە ئەمجارەش بە کۆمەڵێک چیرۆک و هۆنراوەی وەک خۆتان جوان بەسەرتان بکەمەوە،کە پێشتر لەو گۆڤارانەدا کە بۆ ئێوە دەردەچن بلاۆکراونەتەوە،بۆیە من حەزم کرد لە دوو توێی ئەم کتێبەدا بۆ ئێوەی بکەم بە دیاری ،تا بە خوێندنەوەیان دڵخۆش و سوودمەند بن.

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

سلێمـــــــــــانی

٢٠٠٩/٣/٢٢

# گۆڤار

ئای چـــــەندە بەختەوەرم

وەك مـــاندووی بەر سـێبەرم

وا ئێستاکە لەم شـــــارە

مندالْ هاورێی گۆڤـــــارە

بە تـاســـــــەوە مانگانە

بۆ گۆڤـــــار چـــــاوەڕوانە

چــــــونکە زۆر باش دەزانین

مــــــافە خاوەن گــۆڤار بین

برگەی ڕازاوە و قەشـــــەنگ

لەگەلْ وێنەی ڕەنگـــاوڕەنگ

هـــــــــەموو دیاری گۆڤـارن

لە دلْدا شـــــــــیرین دیارن

بە خوێندنەوەیان هـــــەردەم

ڕۆشنبیر و ئاســــــــــوودەم

# هەڵەی من بوو

ئەو ڕۆژە هێڤار ئەوەندەی برسی بوو،هەر کە گەیشتە ماڵەوە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا جانتاکەی فڕێدا و خێرا ڕایکردە سەر سفرەکە بۆ نان خواردن.هێڤار خەریکی نان خواردن بوو هیوای برا بچوکی بە گاگۆڵکێ خۆی گەیاندە جانتاکەی و دەستی کرد بەدڕاندنی پەڕتووک و پەڕاوەکان.کە هێڤار لە نان خواردن بووەوە و جانتاکەی بینی هاواری کرد دایکە ئەها هیوا چی لە پەڕاوەکانم کردووە؟!

دایکی وتی:باشە چۆن دەستی گەیشتووەتە جانتاکەت؟

هێڤار وتی:ئاخر جانتاکەم نە خستبووە جێگەکەی خۆی ،هەر لەسەر زەوییەکە فڕێمدابوو.

دایکی وتی:کەواتە هەڵەی کێ بوو؟

هێڤار بە دەم کۆکردنەوەی شتەکانەوە و بە شەرمەوە وتی:هەڵەی من بوو ،نەدەبوو جانتاکەم لەسەر زەوی فڕێ بدایە.

# هەڵمەتی خاوێنی

ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆشـــــە
وەك ڕۆژانی تر نییـــــە
چـــونکە لە قوتابخانە
هـــــەڵمەتی خاوێنییە

***

بۆ خاوێنی پۆلەکـــــان
دەرگـــــا و پەنجەرەکانی
لەگەڵ باخچـــەی ڕازاوە
هەم حەوشە و گۆڕەپانی

***

هەرکەسە و لە جێگای خۆی
کارێك دەگرێتە ئەســتۆی
بەشـــدارە لەو هەڵمەتەی
کە ســـازیان کردووە بۆی

***

بۆ ئەوەی قوتا بخـــــانە
کە ماڵی دووهەممـــــانە
ئەمڕۆ جـــوانتر بنوێنێ
لە بەر دڵ و چاومـــــانە

***

ڕەنگینە قوتا بخـــــانە
جێی دەســـتمانی تیا دیارە
بە هــــــەڵمەتی خاوێنی
دڵمان شـــــاد و بەختیارە



# سۆلین و بووکە شووشەکەی

سۆلین وەک پیشەی ڕۆژانەی یاری بە بووکەکانی دەکرد و بە تایبەتی ئەو بووکە شووشە چاو شینەی کە قژێکی خاوی زەردی هەبوو،زۆربەی کاتی لەگەڵ ئەودا بەسەر دەبرد،پاشان خۆی خەریک دەکرد بە خوێندنەوەی گۆڤاری منداڵانەوە.

ڕۆژێک بووکەشووشەکەی بە سۆلینی وت:من هەمیشە لە فەرمانی تۆ دەرناچم ،هیچ کات خوێندنەوە و نووسینت لێ تێکنادەم ،بگرە زۆر بە خۆشحاڵییەوە گوێت لیدەگرم کاتێک دەخوێنیتەوە هەتا شتی جوان و بە سوودت لێوە فێر ببم و هیچ کاتێک بێزارت ناکەم بە دەنگ و هەرا یاخود گریان،ئایا سۆلین گیان تۆ بەمە خۆشحاڵ نیت؟

سۆلین وتی:چۆن خۆشحاڵ نیم بووکەشووشە جوانەکەم ،ئەی ئەوە نی یە منیش هەمیشە گۆرانیت بۆ دەڵێم و کام جل جوانە بۆت دەدوورم و لەلای خۆم دەتخەوێنم .بووکەشووشەکەش وتی:دەکەواتە داوات لێدەکەم وەک من چۆن گوێڕایەڵی تۆم

،تۆش ئاوەها گوێڕایەڵی دایک و باوکت بە و هەمیشە خواستەکانیان جێبەجێ بکە هەتا وەکو من چۆن لەگەڵ تۆدا ئاسوودەم تۆش هەمیشە لەگەڵ دایە و بابەت ئاسوودە بیت.



# دوا بڕیار

لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتاییی ساڵدا(نما)هەوڵی زۆری دەدا و ئامۆژگاری (شەن)ی هاوڕێیشی دەکرد کە هەوڵبدات و بخوێنێت،چونکە شەن کەمتەرخەم بوو،هەموو کاتێ خۆی بەکاری لاوەکییەوە خەریک دەکرد.پاش کۆتایی تاقیکردنەوەکان،نمرە وەرگیرا،(نما)بە پلەی بەرز دەرچوو بوو،بەڵام شەن لە دوو وانەدا کەوتبوو،بۆیە زۆر خەمبار بوو بە شەرمەوە بە نمای وت:هەڵەی خۆم بوو،ئەگەر بە قسەی تۆم بکردایە و هەوڵم بدایە ئەوا لە خولی یەکەمدا بە نمرەی بەرز دەردەچووم.

نما وتی: هاوڕێی ئازیز دەترسم جگە لەوەی دەرنەچووی لە پشووی هاویندا خولەکانی فێربوونیشت لە کیس بچن!شەن بە دەنگێکی پڕ لە بڕواوە وەڵامی دایەوە:زۆرم حەز لە کۆمپیوتەرە،بڕیار بێت ئەم هاوینە بچمە خولی فێر بوونی کۆمپیوتەرەوە و لە دوو وانەکەشدا سەرکەوتووبم..........

# باخچەی ساوا

هاتووینە باخچـــــەی ساوا

دڵمان خۆشـــــە و پڕ هیوا

دادەکانمان خۆشـــــدەوێ

خۆشی ئێمـــــەیان دەوێ

زانیاریمان فێر دەکـــــەن

ئامۆژگاریمان دەکـــــەن

هـــــەتا ئێمەی ورد و جوان

بە ســـــۆز و خەندەی لێوان

بۆ ڕۆژگـــــاری داهاتوو

هـــــەر وەك خۆری هەڵهاتوو

بە زانیاری و بیری جـــــوان

پرشـــــنگ بدەین بە ژیان

جـــار جـــار بە بۆیەی ڕەنگین

دەکێشین وێنەی نەخـــــشین

لە ناو مـــاڵ و لە باخچـــــە

هـــــەر وەکو گوڵ و خونچـــــە

## ژینگەمان بۆ نخـــۆش دەکەین

## ئاسوودەین ســـــەما دەکەین




٭کراوە بە گۆرانی ئاوازی :نەورۆز خضر وتنی :کۆرس(باخچەی ساوایانی ئەستێرە)

# شەن و نمرەکانی نیوەی ساڵ

شەن بە خەمبارییەوە لە قوتابخانە گەڕایەوە و کارتی نیوەی ساڵی بە دەستەوە بوو.دایکی بە ڕوویەکی خۆشەوە بەخێرهاتنەوەی لێکرد و پێی وت:کچم چی بووە بۆ خەمباریت؟

شەن وتی:دایە گیان ئەمڕۆ لە قوتابخانە کارتی نمرەی نیوەی ساڵمان وەرگرت ،زۆربەی هاوڕێکانم نمرەکانیان بەرز بوون،مامۆستا ئافەرینی کردن و دەست خۆشی لێکردن.

دایکی بەسەر سوڕمانەوە وتی:بۆ کچم دەنەچوویت؟!

شەن وتی:نەخێر دایە گیان دەرچووم،بەڵام نمرەکانم وەک نمرەی هاوڕێکانم بەرز نین،بۆیە هەست بە دڵتەنگی دەکەم.

دایکی زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:شەنە گیان خەمبار مەبە،چونکە هاوڕێکانت بە هەوڵی زۆریان نمرەی بەرزیان بە دەست هێناوە،تۆش هێشتا کاتت لەبەر دەمدا ماوە ،هەوڵبدە لە تێکڕای ساڵانەدا نمرەکانت بەرز بکەیتەوە و پاشان لە کۆتایی

ساڵدا وەک هاوڕێکانت نمرەکانت تەواو بەرز بن ئەوسا مامۆستا ئافەرینی تۆش دەکات.

شەن بە ڕووخۆشییەوە وتی:کەواتە بێ هیوا نەبم بە هەوڵدان لەم ماوەیەدا دەتوانم نمرەکانم بەرز بکەمەوە.

دایکی وتی:بەڵێ ..ئەگەر هەوڵ بدەیت  و کۆشش بکەیت، لە کۆتایی ساڵدا بە نمرەی بەرز دەربچیت،ئەوا منیش دیارییەکی جوانت بە دڵی خۆت بۆ دەکڕم.

شەن وتی:بەڵێن بێت ئیتر لەمەو دوا کاتی خۆم بە فیڕۆ نادەم و هەوڵبدەم وەک هاوڕێکانم منیش سەربەرز بم و خەڵات و ئافەرین بکرێم.

# نەورۆز

هـــــەرا و هـــــوریای منالە
دڵخــــۆشین بەم هـــــەوالە
ســـــاڵی تازەی کـــــوردییە
لە جیهـــــــان وێنەی نییە
بیســــــت و یەکــــــی ئازارە
شـــــادیی میوانی شـــــارە
ڕۆژێکی گــــــــەورە و پیرۆز
ناومـــان لێناوە نـــــــەورۆز
نـــــــەورۆز ڕۆژێکی نوێیە
ئازادیی کـــــــــوردی پێیـــە
گــــــولاڵە و نێرگزی جـــوان
بە دیاریی دێنێ بۆمـــــــــان
ئاوی کانی هـــــــــەڵدەقوڵێ
گەش دەبێ هـــــــــەموو گوڵێ
ســــــــــەوز بوونەوەی گیایە
ژیانەوەی دنیـــــــــــایە

لەمرۆدا ، دوژمنی کـــــــــــورد

هـــــــــــێزی گەل لە ناویبرد

پرشـــــــــــنگدارە مێژوومان

بە یادی ئەم ڕۆژەمـــــــــــان



# پاشەکەوت کردن

لاوکۆ و بەڵێن تازە بوو بوونە هاورێ.ڕۆژانە پێکەوە دەچوون بۆ قوتابخانە.لاوکۆ هەندێ جار بەشێکی ڕۆژانەکەی لە دەغیڵەکەیدا پاشەکەوت دەکرد،بەڵام بەڵێن هەموو پارەکەی خەرج دەکرد و بە گاڵتەکردنەوە بە لاوکۆی دەوت:پارە پاشەکەوت کردن سودی چییە؟

ڕۆژێک بەڵێن بە میوانی چوو بۆ ماڵی لاوکۆ.سەرەتا کە چووە ژوورەوە پاسکیلێکی لە حەوشەکەدا بینی،وتی لاوکۆ ئەو پاسکیلە هی تۆیە؟لاوکۆ وتی:بەڵێ تازە کڕیومە.ئینجا چوونە ژوورەوە.لاوکۆ وتی هاوڕێی ئازیزم دانیشە،ئێستا یاری ئەتاری دەکەین.پاشان بەدەم یاری کردنەوە لاوکۆ شارەزایی دەدا بە بەڵێن دەربارەی ئامێری ئەتاری و یاری جۆرا و جۆری تری منداڵان.بەڵێن زۆر شادمان و دڵخۆش بوو.ڕووی کردە لاوکۆ و وتی:ئەم شتە جوانانەی تۆ گرانن باوکت چۆن بۆی کڕیووی؟

لاوکۆ وتی: بەڵێن گیان من بە پێی پێویست نەبێت ڕۆژانەکەم خەرج ناکەم،بەڵکو زۆر جار پاشەکەوتی دەکەم هەتا زۆر دەبێت،پاشان دایە و بابەش هەندێ پارەی ترم لە پاداشتیدا بۆ دەخەنە سەر،ئیتر جارێک جلوبەرگ و جارێک یاریی و هەندێ جاریش کەلوپەلی قوتابخانەی پێدەکڕم،بەمەش ئەرکی سەر شانی دایە و بابە کەمێک سوک دەکەم.

بەڵێن وتی:ئەی ئافەرین لاوکۆ،بەڕاستی ئێستا تێگەیشتم پارە پاشەکەوت کردن سوودی زۆرە.مەرج بێت منیش لەمەو دوا ناو بەناو ڕۆژانەکەم پاشەکەوت بکەم هەتا بتوانم وەک تۆ شتی سوودبەخش بکڕم.

# نرخی ئاو

نرخی ئـــــــاوم لەلایە
ژیان بێ ئـــــــاو کۆتایە
دەم و چــــــاوی پێدەشۆم
کـــــە تینووم بوو لێیدەخۆم
هـــــەموو جارێك هەر بە ئاو
خۆم دەشـــــــۆرم لە گەرماو
جـــــــلی پیس و تۆزاوی
یان پێلاوی قـــــــوڕاوی
هـــــەر بە ئاو پاك دەبنەوە
زۆر تازە و جـــــوان دەبنەوە
بۆیە بەڵێن بێ هـــــــەردەم
کـــــــە ئاو بە فیڕۆ نەدەم
باش بەکـــــــاری بهێنم
بێهـــــــــودە نایڕژێنم
پێویســـــــــتە بۆ ژیانم
بۆیە نرخـــــــــی دەزانم

# لێوان بڕیاری پاکوخاوێنی دەدات

ئەو ڕۆژە لێوان هەستی بە برسێتی دەکرد بۆیە چوو لە ناو بەفر گرەکەیاندا نەستەلە دەرهێنا و ڕووی کردە باخچە بچکۆلەکەی حەوشەکەیان و دەستی کرد بە خواردنی،پاشان نایلۆنی نەستەلەکەی فڕێدا و چوو پەڕاوی وێنەکەی هێناو دەستی کرد بە وێنە کێشان.لەو کاتەدا شەماڵێک هەڵی کرد بوو چەند جارێک نایلۆنەکەی هێنایە سەر پەڕاوەکە و وێنە کێشانەکەی لە لێوان تێکدا.لێوان بە توڕەییەوە وتی:ئەوە چییە؟ئەوەندە بێزارم دەکەیت،چەند جارێک لام بردیت کەچی هەردێیتەوە سەر پەڕاوەکەم و کارەکەم لیَ تێک دەدەیت.

نایلۆنەکەش وتی:ئەی بۆچی تۆ هیچ گرنگییەک نادەیت بە پاکوخاوێنی ،ئەوەتا من کاری خۆم جێبەجێکردووە ئەو نەستەلەیەی کەماوەیەک بەر لە ئێستا خواردت چەند وەختە لە ئامێزی خۆمدا پاراستومە لە پیسی هەتا تۆ خواردت بە

خاوێنی،کەچی تۆ هیچ گرنگییەکت نەدا بە پاکوخاوێنی باخچەکە و هەروەها بەهۆی منەوە کارەکەشت لە خۆت تێکدا.

پاشان لێوان لە مەبەستی نایلۆنەکە تێگەیشت و هات هەڵیگرت و خستیە ناو ئەو سەبەتە خۆڵەی لە نزیک دەرگای حەوشەکەیان دانرابوو ئینجا هاتەوە ناو باخچەکە و دەستی کردەوە بە کێشانی وێنە و بە دەم وێنە کێشانەوە گۆرانی دەوت و هەستی بە ئارامی دەکرد چونکە گرنگی دابوو بە پاکوخاوێنی.ناوبەناویش بەدەم خۆیەوە دەیووت:لەمەودوا ناهێڵم ناو ماڵ و باخچەکەمان پیسبێت.



# چۆنیەتی دەرمان خواردن

بڕیار نەخۆش کەوتبوو، هەرچەندە چوو بوو بۆ لای پزیشک و دەرمانیشی بۆ نووسرابوو بۆ چارەسەرکردن،بەڵام گوێی نەدەدا بە دەرمانەکان .بۆیە هەر دەکۆکی و چاک نە دەبووەوە.

هەتا ڕۆژێکیان کۆکە زۆری بۆ هێنا و وای لێهات تەنگە نەفەس بوو ،بەپەلە چوو بۆ لای پزیشک و کەمتەرخەمی خۆی بۆ باسکرد لە کاتی پێشوودا.پزیشکەکەش پێی وت:بەڕاستی هەڵەیەکی گەورەت کردووە کە دەرمانەکانت لە کاتی خۆیدا بەباشی بەکار نەهێناوە،چونکە میکرۆبی نەخۆشییەکەت زیاتر بووە و زیانی زیاتری پێگەیاندویت، بەڵام ئەگەر ئەو دەرمانانەت هەر شەش کاتژمێر جارێک بەکار بهێنایە ئەوا بەبەردەوامی لە ناو خوێنتدا چالاکیان دەبوو لە میکرۆبەکانیان دەداو لە ناویان دەبردن و لە نەخۆشیەکەت ڕزگارت دەبوو،چونکە ئەم دەرمانانە وەکو پێشمەرگە لە ناو خوێنتدا پارێزگاری لە لەش و خوێنی تۆ دەکەن و لەشکری میکرۆبەکان

لەناو دەبەن .ئینجا بڕیار تێگەیشت لە گرنگی دەرمان خواردن و چۆنێتی خواردنی لە کاتی نەخۆشیدا.

ئیتر لە کاتی خۆیدا و هەر شەش کاتژمێر جارێک ئەگەر لە خەویشدا بوایە بە خەبەر دەهات و دەرمانەکانی بە ڕێکوپێکی دەخوارد ،بۆیە هەر زوو چاک بووەوە و لە نەخۆشی ڕزگاری بوو.........



ئۆپەرێتی :

# سۆزی ساوایانی باخچە



کۆرس:

ئێمە ساوای ناو باخچەین
ڕووخۆش و دەم بە خەندەین
باخچەمان لا پیرۆزە
وەك دایکێکی دڵسۆزە
لە باوەشیا پێدەگەین
مانای ژیان تێدەگەین

منداڵی یەکەم:

من لە ژووری هەنارم
لالە و گوڵی بەهارم
گوێڕایەڵی ناو باخچەم
خۆشەویستی لای دادەم
باش دەزانم گوێگرتن
ڕێگایە بۆ سەرکەوتن



ئەوەی گوێڕایەڵ بووە
هەردەم سەرکەوتوو بووە

منداڵی دووەم:

خاوێنم منی منداڵ
وام لە ژووری پرتەقاڵ
بە خولیا و بیری چاکم
سەردەخەم گەل و خاکم
خولیام کاری چاکەیە
لە پێناو ئەم خاکەیە
کێ کاری چاکەی دەوێ
ولاتی خۆی خۆشدەوێ

منداڵی سێیەم:

من لە ژووری هەڵوژەم
هاوڕێی گوڵە بەرۆژەم
چونکە ئەو ڕوی لە رۆژە
من هیوام بە دوارۆژە

پاشەڕۆژ زۆر گرنگە
بۆ هەرکەسێ زرنگە
بە ماندوو بوونی ئەمڕۆی
سبەی خۆشی ئەبێ بۆی

منداڵی چوارەم:

منیش لە ژووری تری
دەزانم نرخی هاوڕێ
وەکو خوشك و برایە
بۆ من پشت و پەنایە
هەڵدەبژێرم هاوڕێی چاك
کەسی دڵ و دەروون پاك
دوژمنی ڕق و کین بێ
دەمی بە پێکەنین بێ

منداڵی پێنجەم:

منیش لە ژووری هەرمێ
دادەکانم خۆشدەوێ



وەکو دایکـــــــم دڵســـــــۆزن


خــــــاوەنی بەهرە و ســــــۆزن

بەردەوام مـــــــــاندوو دەبـــــن

زانیــــــاری دەدەن بە مـــــــــن

هـــــــەتا پەروەردەم دەکـــــەن

بۆ دنیای شـــــــادیم دەبـــــەن




# هەوڵ و تاقیکردنەوە

دیلان تەمەنی چوار ساڵان بوو،تازە باوکی پاسکیلێکی سێ تایەی بۆ کڕیبوو.دیلان زۆر حەزی لە لێخوڕینی بوو،بەڵام تەنها سوکانەکەی دەگرت و دەیسوڕاندەوە،بێ ئەوەی لەسەر کوشنەکەی دابنیشێت.هەرچەندە دایک و باوکی هانیان دەدا بەڵام دیلان کەمتەرخەم بوو هەوڵی نەدەدا.ئێوارەیەکیان دایک و باوکی دیلان بڕیاریان دا بچن بۆ ماڵی خاڵی دیلان ،کە نزیک ماڵی خۆیان بوو.هەر زوو دیلان وتی:بابە ،دەتوانم پاسکیلەکەم لەگەڵ خۆم بهێنم.باوکی کە زانی ڕێگەکە چۆڵ و خۆشە،زۆری پێخۆش بوو ،بۆیە بەپەلە وتی:بەڵێ دیلان گیان ئەتوانی.دیلان بێ ئەوەی خۆی لێی بخوڕێ،سوکانەکەی گرت و هەر بە پاڵ پاسکیلەکەی لەگەڵ خۆیدا برد.باوکی لێی پرسی:دیلان ئەم ڕێگەیە زۆر خۆشە ،بۆچی سواری پاسکیلەکە نابیت و پایدەر لێنادەیت،تا فێری لێخوڕینی ببیت؟دیلان وتی:ئاخر ناتوانم!باوکی وتی:باشە دیلان تۆ هیچ هەوڵت داوە

لێبخورێت،تا دڵنیا بیت کە ناتوانی ؟دیلان وتی:نەخێر،چونکە لێی نازانم!باوکی زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و وتی:تۆ سوار بە دڵنیام فێر دەبیت.دیلان بە دوو دڵییەوە سواری پاسکیلەکە بوو دەستیکرد بە پایدەر لێدان.چەند دڵخۆش بوو،پاسکیلەکە لەسەرخۆ بۆ پێشەوە دەڕۆیشت و ئەمیش تا دەهات خێرا تر پایدەری لێدەدا.دیلان بە پاسکیلەکە پێشی دایک و باوکی دایەوە و بە دەم پایدەر لێدانەوە ئاوڕی دایەوە و وتی :باوکە گیان بەڕاستی من نەمدەزانی کە توانای پاسکیل لێخوڕینم هەیە .باوکی بە خەندەوە پێیوت:کەواتە لەمەودوا بێ تاقیکردنەوە و هەوڵدان بڕیار لەسەر لاوازیی خۆت مەدە.



# هەوڵدان




لە دوای ساڵێك كۆڵنەدان
ماندوو بوون و هەوڵدان
بۆ داهاتووم دەڕوانم
خۆشبەخت و شادمانم
بە چاكی هەوڵمداوە
تاقیكردنەوەم داوە
بە ڕەنجی ڕۆژ و شەوان
بە ساڵێكی تێكۆشان
دڵنیام لە توانای خۆم
بەرە و سەركەوتن دەڕۆم
دەرچوونم لەلا ڕوونە
بۆ پۆلێكی نوێ چوونە
هاوڕێیان خۆزگە ئێوەش
تەواو دەتان كرد كۆشش
تا ڕەنجی ماندوو بوونتان
مژدەی دەرچوون بێ بۆتان

# لاڤەی لە خۆبایی بوو


لاڤە قوتابییەکی زیرەک بوو،لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا بە جوانی کۆششی دەکرد و نمرەی بەرزی بە دەست دەهێنا.ڕۆژێک مامۆستا ڕێنمایی لاڤە و هاوڕێکانی کرد کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ تاقیکردنەوە و پێویستییەکانی تاقیکردنەوە لە قەڵەم و لاستیک و ڕاستە و قەڵەم دادەر لەگەڵ خۆیان بهێنن،هەتا لە کاتی تاقیکردنەوەدا داوا لە کەس نەکەن و سەر لە هاوڕێکانیان تێک نەدەن.لاڤە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە و ئەرکی ماڵەوەی بە جێهێنا و بۆ ڕۆژی دوایی خۆی ئامادە کرد و چوو بۆ قوتابخانە ،تەنها قەڵەمەکەی لەگەڵ خۆی هێنا و لەبەر خۆیەوە وتی:من لاستیکم بۆچییە؟خۆ من جوان کۆششم کردووە هیچ شتێکم لێ هەڵە نابێت چونکە زۆر زیرەکم.لاڤە بە دڵخۆشییەوە چووە ژووری پۆلەکەیەوە بۆ تاقیکردنەوە.پاشان لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا زۆر بە خێرایی و لە خۆ بایی بوونەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە ،کە تەواو بوو جارێکیتر

بە پرسیارەکاندا چووەوە،سەیری کرد وەڵامی پرسیارێکی بە هەڵە دابووەوە،بەپەلە کەوتە ڕەشکردنەوەی هەڵەکان بە قەڵەمەکەی و بە جارێ پەڕاوی تاقیکردنەوەکەی پیس کرد و زۆر شڵەژا،لە شەرمیشدا ڕووی نەدەهات داوای لاستیک لە هاوڕێکانی بکات..


کاتی تاقیکردنەوە بەرە و کۆتایی دەڕۆیشت و قوتابییەکان یەک یەک پەڕاوی تاقیکردنەوەکانیان دەدا بە مامۆستا ،لە پاش چەند ڕۆژێک مامۆستا ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بۆ قوتابیان هێنایەوە لە ناو هەموویاندا لاڤە نمرەکەی نزم بوو،وتی بە ڕاستی هەڵەی خۆم بوو ،ئەگەر لە خۆم بایی نە بوومایە ئەم ئەنجامەم نەدەبوو.



# هێماکانی هاتووچۆ



هێماکانی هاتووچۆ
دانراون بۆ من و تۆ
نیشانە و ڕەنگەکانی
دەزانین زۆر بە جوانی
یاساکانی ڕێگایە
سوودی بۆ مرۆڤ تیایە
ڕێزگرتن لەم یاسایە
لە ئەستۆی هەموواندایە
ئێمەی منداڵ شارەزاین
بە ئارام و دڵنیاین
چونکە بۆ پەرینەوە
هێما دەناسینەوە
یەکێک لەو هێمایانە
گڵۆپی ڕەنگەکانە
ڕەنگی سەوز و زەرد و سوور
دیارن لە نزیک و دوور



چـــران وان لەســـەر شـەقام
چێنراون وەکـــــــــو نەمام
بەردەوام دادەگیرســـــــێن
بەدوای یەکـــــــتریدا دێن
کە ڕەنگی ســــــەوز هەڵهات
خەڵکی هـــــــاتووچۆ دەکات
لە شــــــــەقام بە ئەسپایی
دەڕۆن بــــــــە دڵنیــــــایی
ڕەنگی زەرد وەکو زەنگـــــــە
بۆ شۆفێری چەلەنگـــــــە
لە لێخـــــــوڕین هێواش بێ
تا ئامادەی وەســـــــتان بێ
کە ڕەنگی ســـــــور هـەڵکرا
ئۆتۆمــــــــــبێل نابێ بڕوا
ئێمەش چـــــــاوەڕوان دەبین
لەســـــــەر شۆستە دەوەستین

# گەرماو

دارۆ لە خۆشتن بێزار بوو هەفتەی جارێک خۆی دەشت چونکە هەموو جارێک کەف دەچووە چاوەکانی و دەیکزاندەوە یان دەچووە ناو دەمیەوە و تامی دەمی ناخۆش دەکرد.ڕۆژێک لەکاتی خۆشتندا کەف چووە چاوەکانی یەوە بۆیە بەدەم هاوارەوە و بەپەلە ئاوی کرد بە سەری خۆیدا ،بەڵام پەڵە کەفێک بەسەر شانیەوە مایەوە دایە قاقای پێکەنین و وتی:

+دارۆ ئەوە بۆچی هاوار دەکەی؟

-چونکە تۆ چوویتە ناو چاوەکانمەوە.

+دارۆ گیان من سوود بەخشم و ئەمەوێت تۆ لە چڵک و پیسی ڕزگار بکەم ،بەڵام پێویستە کاتی سەر شتن چاوەکانت و دەمت دابخەی تا زیانت پێنەگات.

-ئەی تۆ ناڵێی من سوود بەخشم ئیتر بۆچی زیانم پێدەگات؟

+من لە مادەی کیمیایی دروست دەکرێم دژی چڵکم و بۆ پاکژکردنەوەی لەشت بە سوودم بەڵام لە هەمان کاتدا زیان

بەخشم بۆ چاو و گەدەت،بۆیە دەبێت بزانیت چۆن بەکارم ئەهێنیت.

پاش ئەوەی دارۆ لە بێزاری خۆشتنەکەی تێگەیشت بڕیاریدا لەوەودوا ڕۆژانە خۆی بشوات و لە کاتی سەرشتن دا چاوەکانی و دەمی دابخات تا زیانی پێنەگات.



# تەلەفزیۆن

ئامێرێکی ســــوود بەخشـــــە

بۆ ئێمە شـــادی بەخشـــــە

ناوی تەلـــــــــــەفزیۆنە

تیایـــــــــەتی دەنگ و وێنە

بەرنامـــــــــەی جۆرا و جۆرە

دەریدەخـــــــــات بە نۆرە

کاتی بۆ دیاری دەکـــــــــرێت

ئینجا پیشـــــــا نمان دەدرێت

ئێمەی منداڵ خۆشـــــــحاڵین

چــــــــاوەڕێین وا لە ماڵین

بۆ بەرنامـــــــــەی منداڵان

پڕ لە خــــــــۆشی یە ماڵان

زنجیرەی فیلم کـــــــــارتۆن

بەســــــــەرهاتی تازە و کۆن

چــــــــالاکی ئێمەی منداڵ

پیشـــــــانگایە و فیستیڤاڵ

هـــــــــــەموو ڕۆژێ ئێوارە

دەیبینین بـــــــــەم ئامێرە

بۆیە هـــــــــەموومان ژیرین

چـــــــــالاك و ڕۆشنبیرین

***



# پاراستنی کەلوپەل

ڕۆژێک باوکی سانا (سیدی)یەکی فیلم کارتۆنی بۆ سانا هێنایەوە.سانا پاش ئەوەی سەیری فیلم کارتۆنەکەی کرد،زۆر بەلایەوە خۆش بوو ،بۆیە کە هاژەی هاوڕێی هات بۆ لای ،پێی وت:هاژە ئەم فیلم کارتۆنە زۆر خۆشە ،حەز دەکەم تۆش بیبەیتە ماڵەوە و سەیری بکەیت.ڕۆژی دوایی هاژە سیدییەکەی بۆ سانا هێنایەوە ،زۆر سوپاسی کرد و وتی:بە ڕاستی فیلم کارتۆنێکی زۆر خۆش بوو .سانا زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە هاژە سیدییەکەی بەدڵ بووە،بەڵام زۆر نیگەران بوو کە سیدییەکەی بەبێ بەرگەکەی بۆ هێناوەتەوە ،بۆیە وتی:ببورە هاژە گیان ،بەڵام سیدییەکە لە ناو بەرگێکی تایبەت بە خۆیدا بوو.هاژە کەمێک بیری کردەوە یەکسەر بەرگەکەی هاتەوە یاد ،ئینجا بە نیگەرانیەوە وتی:ڕاست ئەکەی بەرگێکی شین بوو.لەوانەیە برا بچکۆکەکەم ونی کرد بێت.هەڵەی من بوو نەدەبوو لەبەر دەستی ئەودا دایبنێم.دڵنیابە گەر نەما بێت بۆت دەکڕمەوە.سانا بە پێکەنینەوە وتی:هاژە گیان من مەبەستم ئەوە نەبوو نیگەرانت

بکەم.گەر نەمابێتیش ئەوا بە پارچەیەک نایلۆن و پارچەیەک تیپی ئاوی دروستی دەکەینەوە.ئیتر بە دەم پێکەنینەوە چوونە ماڵی هاژە و گەڕان تا بەرگەکەیان دۆزییەوە.



# پۆلی یەك

ناونووس کرام لە پۆلی یەك
ئازا و زیتەڵ و زیرەك
ئەمساڵ بۆ ئێرە هاتووم
لە پۆلی یەك دانیشتووم
سیمام خاوێن و جوانە
کە دێم بۆ قوتابخانە
هاوڕێکانم خۆشدەوێ
خۆشبەختی منیان دەوێ
مامۆستا لام بەڕێزە
سەرچاوەی بیر و هێزە
پێم دەبەخشێ زانیاری
بە پێکەنین و یاری
هەتا سەرکەوم لە ژین
دڵم پڕ بێت لە ئەوین

***

# نینۆك كردن

لەنیا زۆر ڕقی لە نینۆککردن بوو،هەر جارێک باوکی پێی بوتایە کچم نینۆکت درێژبووە بیقرتێنە.زۆر نیگەران دەبوو ،دەیوت نینۆکم ناکەم،با درێژ بێت جوانە!

ڕۆژێک لەنیا نەخۆش کەوت و باوکی بردی بۆ نەخۆشخانە ،پزیشک پشکنینی بۆ کرد و وتی:ئەمە خۆراکی میکرۆباویت خواردووە بۆیە تووشی ئەم نەخۆشییە بوویت.بۆیە دەبێت گرنگی بدەیت بە پاکوخاوێنی هەتا جارێکیتر تووشی ئەم ژەهراوی بوونە نەبیت.

ئیتر دەرمانێکی تایبەت بە نەخۆشییەکەی بۆ نووسی هەتا لە نەخۆشخانە وەریبگرێت و بیخوات بۆ ئەوەی چاک ببێتەوە.

لەنیا ڕووی کردە باوکی و وتی:باوکە ئەو خواردنانەی من خواردوومە هەموو پاک بوون ئیترچۆن پزیشک دەڵێت پیس بووە؟

باوکی پێکەنی و وتی:لەنیا گیان ڕاستە خواردنەکان پاک بوون بەڵام نینۆکەکانت خواردنەکەیان پیس کردووە.

لەنیا وتی:باوکە گیان تێناگەم مەبەستت چییە؟

باوکی وتی:کچم من بۆیە پێت دەڵێم نینۆکەکانت بقرتێنە چونکە هەرکاتێک درێژ دەبێتەوە ئەوا بە ئاسانی میکرۆب لە ژێریدا خۆی حەشار دەدات و کاتێکیش دەست دەبەیت بۆ هەر خواردنێکی پاک لە ژێر نینۆکتدا دەکەوێتە خوارەوە و دەچێتە سەر خواردنەکەت و لەبەر ئەوەی میکرۆب زۆر وردە ئەوا بە چاو نایبینیت و لەگەڵ خواردنەکەت دەچێتە گەدەتەوە و دەبێتە هۆی ژەهراوی بوون.

لەنیا وتی:ئێستا تێگەیشتم بۆچی پێم دەڵێی نینۆکت بقرتێنە؟بەڵێن بێت لەمەودوا ناهێڵم نینۆکەکانم درێژبن.

# شاری یاری

ئای چــەند خۆشــە ئەم جێیە
هـــەمووومـــــان حەزمان لێیە
ئەمـــە شـــــاری یارییە
لـــــە پارکـــــی ئازادییە
بەهــــەشـــتێکە بۆ منالٚ
ڕازاوە وەك گــــــــوڵی ئاڵ
پڕ لە یاری خـــــۆش خۆشـــە
دڵمان بۆی بە پەرۆشـــــــــە
ئەژدیهـــــــایە و بابەخولێ
ئۆتۆمبێلی پێشـــــــبڕکێ
ســــــوار بەلەمی پیاکەوتن
یاری نیشان شــــــــکاندن
زریان و گەشتی ئاســـــــمان
یاری فیشـــــــــەی منالان
لەگـــــــەڵ پەیژە و بازەفڕێ
خــــــەیاڵمان وەك مەل دەفڕێ

لێرە هـــــــــــەموو دڵشادین

هەســـــــــت دەکەین کە ئازادین

کاتی پشـــــــــــــوو بێکاری

دەبەینــە ســـــــــەر بە یاری

***



# ڕزگار بوون لە قەڵەوی

ڕێڤان زۆر نیگەران بوو،چونکە قەڵەو بوو بوو زۆر زوو هەستی بە ماندوێتی دەکرد و هەناسەی توند دەبوو لەوانەی وەرزشدا نەیدەتوانی وەکو هاوڕێکانی ڕابکات و یاری بکات.ڕۆژێک لە قوتابخانە گەڕایەوە و باسی کێشەکەی خۆی بۆ باوکی کرد،باوکی بەزەردەخەنەوە وتی:کوڕم چارەی کێشەکەت زۆر ئاسانە و دەتوانی لەم قەڵەوییە ڕزگارت بێت.ئەویش بە کەمکردنەوەی خواردن،بە تایبەتی چەوری و شیرینی.هەروەها ئەبێ ڕۆژانە وەرزشی بەردەوام بکەیت.ئیتر ڕێڤان ڕۆژانە وەرزشی دەکرد و بە پێی بەرنامەیەکی تایبەت خۆراکی دەخوارد،تا وای لێهات لە ماوەی چەند مانگێکدا بەتەواوی لە قەڵەوی ڕزگاری بوو.ڕێڤانی چوست و چالاک توانی ببێتە یاریزانێکی بە توانا و چەند خەڵاتێک بۆ قوتابخانەکەیان بە دەست بهێنێت.مامۆستای وەرزشیش دەستخۆشی لێکرد و تۆپێکی باڵەی بە دیاری بۆ کڕی.ئەو ڕۆژە ڕێڤان بە دڵخۆشییەوە لە قوتابخانە گەڕایەوە و تۆپەکەی مامۆستای پیشانی باوکی دا باوکیشی ئافەرینی لێکرد و وتی:منیش

بڕیار دەدەم ڕۆژانە ماوەیەک لە کاتی خۆم بۆ یاریکردن لەگەڵ تۆدا تەرخان بکەم.ئیتر ڕێڤان و باوکی بە پێکەنینەوە چوونە حەوشەکە و دەستیانکرد بە یاری بالە.........



# ساڵی نوێی خوێندن

خـــــــەندە و خــۆشی منالّە

چەند خۆشـــــــە ئەم هـەوالّە

وا ســــــــاڵی نوێی خوێندنە

کاتی کۆشش کـــــــــــردنە

دەڕۆین بۆ قوتا بخـــــــانە

کە ماڵی دووهـــــــــەممانە

پشووی هاوین بەســــــەرچوو

پڕ لە ســـــــەیران و گەشت بوو

بەشـــــــداری خولەکان بووین

بۆیە وا ڕۆشـــــــــنبیر بووین

کاتی زێڕینی خـــــــــــۆمان

بە فیڕۆ نەچـــــــــــوو لێمان

ئێســــــــــتاش وەرزی خوێندنە

دیدەمان پێی ڕۆشـــــــــــنە

هـــــــــــەموو بڕیارمان داوە

کۆشش کەین لە ئێســـــــــتاوە

دژی نـــــــــــەزانین دەبین

خەمـــــــــــخۆری وڵات دەبین

لە ژێر ڕۆشنایی خـــــــوێندن

بەدەست دێنین ســـــــەرکەوتن


***



# هەڵەی دارۆ

پاش ئەوەی دارۆ لە ماڵی مامی گەڕایەوە هەستی بە تینویەتیەکی زۆر کرد و خێرا دەرگای بەفرگرەکەی ماڵەوەی کردەوە و جامێ ئاوی ساردی دەرهێنا و خواردیەوە ،چەند چلورەیەکی بینی لە ناو بەفرگرەکەدا کە باوکی کڕیبووی بۆ ئەوەی لەگەڵ دایک و خوشکە بچوکەکەی و دارۆدا پێکەوە بیخۆن،بەڵام دارۆ گوێی نەدایە و بە خێرایی دوو چلورەی بە دوای یەکدا خوارد و پاش کەمێک دەستیکرد بە هاوار لە تاو ئازاری ددان و سکی،بۆیە دەستیکرد بە گەڕان بە دوای حەپ و شروبدا بۆ ئەوەی ئازارەکەی نەمێنێت.لەو کاتەدا دایکی هاتە چێشتخانەکە و وتی ئەوە چییە دارۆ بۆ هاوار دەکەی؟دارۆ وتی:دایە گیان دەمەوێت حەپێک بخۆم تا ئازاری ددان و سکم چاک بێت.دایکی وتی چۆن هەڵەی وادەکەیت بەبێ پرسی پزیشک یان کەسانی شارەزا نابێت دەرمان بخۆیت.پێم ناڵێی بۆچی وات لێهات؟ئەویش چی خواردبوو بۆ دایکی باسکرد.ئیتر دایکی وتی: دەبێت ساردەمەنی و شیرینی بە پێی پێویست بخۆیت نەک بەم جۆرەی ئێستا کە خواردووتە.دارۆ

وتی:دایە گیان بەڵێن دەدەم لەمەودوا کاری واناکەم بەڵام ئێستا چارەیەکم بکە.دایکی وتی:بەسەرچاو ئێستا دەتبەمە لای پزیشک لە نەخۆشخانە،دەرمانی تایبەت بە نەخۆشییەکەت دەداتێ و لەم ئازارە ڕزگارت دەبێت.



# وێنە کێشان

خولیام وێنە کێشـــــــانە

ئارەزوویەکی جــــــوانە

زۆر ئاســـــــــوودە و دڵخۆشم

کاتێك وێنە دەکێشـــــــــم

قـــەڵەم بۆیەی ڕەنگـــاوڕەنگ

پەڕاوی وێنەی قـــەشـــەنگ

هـــــــــاوڕێی منن بەردەوام

بوونەتە بەهـــــــرە و خولیام

بە ڕێنمایی مـــــامۆســـــــتام

پەرە دەدەم بە خـــــــولیام

بۆ کێشـــــــــانی وێنەکەم

دەست بە هێڵکـــــــــاری دەکەم

دوای هێڵکـــــــــاری وێنەکەم


لەســــــــــەرخۆ ڕەنگی دەکەم

هەر شتێك بە شێوەی خـــــۆی

ڕەنگ بەکـــــــــار دەهێنم بۆی

ئینجا ئەندازەی دەگـــــــــرم
تا لە چــــــوار چێوەی بگرم
بۆ چالاکی قوتا بخـــــــانە
بەشدار دەبم ســـــــــالآنە

***



# ئارا و پشووی هاوین

شاد و ئارا ،پاش ئەوەی بە سەرکەوتوویی نمرەی کۆتایی ساڵیان وەرگرت،بڕیارياندا کە پشووی هاوین بە بێکاری بەسەر نەبەن.پێکەوە چوونە سەنتەرێکی چالاکی منداڵانەوە.ئارا زۆر حەزی لە کۆمپیوتەر بوو،بۆیە لە خولی فێر بوونی کۆمپیوتەردا خۆی ناونووس کرد.شادیش لە خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا،چونکە هەمیشە دەیوت ئینگلیزی زمانێکی زیندووە.ئارا و شاد هەریەکەیان ناو ناونیشانی تەواویان لە سەنتەرەکەدا نووسی و لە ڕۆژی دیاریکراودا دەستیان کرد بە ڕاهێنان.پاش چەند ڕۆژێک ماڵی ئارا لەو گەڕەکە باریانکرد و چوونە گەڕەکێکی دوور لە سەنتەرەکە.ئەمەش بووە هۆی دابڕانی لە خولەکە.شاد بە دوور کەوتنەوەی ئارا زۆر نیگەران بوو ،بۆیە ڕۆژێک چووە لای بەڕێوەبەری سەنتەرەکە و باسی کێشەکەی ئارای بۆ کرد.بەڕێوەبەریش بە زەردەخەنەوە

وتی:مژدەی بدەریٚ ،لەم گەڕەکەش نەمابیٚ هەر ئەتوانیٚت خولەکە تەواو بکات.پاش ڕامانیٚکی کەم شاد وتی:چۆن؟

بەڕیٚوەبەر وتی:ئیٚمە ئۆتۆمبیٚلی تایبەتمان ئامادە کردووە بۆ ئەوانەی کە لە گەڕەکە دوورەکانەوە دیٚن.شاد ئەو ڕۆژە بە دلٚیٚکی خۆشەوە گەڕایەوە بۆ مالٚەوە ،هەر زووش بە دایک و باوکی وت:ئەگەر بکریٚ حەز ئەکەم ئەمشەو سەردانی مالٚی ئارا بکەین،ئیٚوە پیرۆز بایی خانووە تازەکەیان لیٚ بکەن و منیش مژدەی دەدەمیٚ کە لە بەیانییەوە دەتوانیٚ بگەڕیٚتەوە بۆ سەنتەرەکە و خولەکەی تەواو بکات.



# بەفر

بەفر شـــــــاری سپی کـرد

دڵی منداڵی خۆشـــــــکرد

بە تـاك تـاك و بە کۆمــــەڵ

دەیکەین بە شـــەڕە تۆپەڵ

وا بۆ ئەم بەفرە جـــــــوانە

خەندە لەســـــــەر لێومانە

بە پاڵتۆ و جلی گـــــــەرم

لەگەڵ دەستکێشی چـــــەرم

مـــلپێچ و پوزەوانـــــــــە

کە هێمای کـــــــوریمانە

زۆر جوان خۆمان پۆشـــیوە

لەشمان ســــــەرمای نەدیوە

چەند ڕۆژێکی شــــــیرینـە!

دەیکەین شێرە بەفـــــرینە

لە بەفر پەیکەر دەکــــــەین

دەست و قاچی بۆ دەکـــــەین

دەم و دوو چـــاو لەگەڵ لووت

دەیکەینە پێی جووتێك پووت

وەك شێوەکـــــــــاری وریا

دێین و دەچـــــــین بە دەوریا

بە چـــــــە پڵە و بە گۆرانی

دەردەبڕین کـــــــامەرانی

***



# گەشتەکەی لانە بۆ سەر مانگ

ئەم ئێوارەیە لانە زۆر دڵخۆشە،چونکە بەیانی ڕۆژی جیهانی منداڵانە و ئەمیش لەگەڵ گروپێکی هونەریدا خۆی بۆ نمایشێکی شانۆیی ئامادە کردووە.بە سەما و گۆرانی چووە ناو باخچەکەوە و لەسەر ئەو کورسییە دانیشت کە ماوەیەک پێش ئێستا باوکی لەسەری دانیشتبوو.چاوەکانی بڕییە ئاسمان ،چاوی بە مانگ کەوت کە لە تۆپێکی خڕی زەردباو دەچوو.هێندە جوان بوو حەزت دەکرد چاو لەسەری نەتروکێنی.لانە لە چاوەکانی مانگدا زۆر شتی جوانی بینی.هاوڕێکانی،میزەڵانی ڕەنگاوڕەنگ،یارییەکانی شاری یاری.کە تابلۆیەکی وەهایان لەبەر چاویدا دروستکرد بوو دەتوت ڕۆژی فیستیفاڵەکەیە.پاش ماوەیەک لانە هەستی کرد لەگەڵ تیمێکی کەشتیوانی ئاسمانیدا گەشتێک دەکەن بۆ سەر مانگ.لانە بەرگی تایبەت بەو گەشتە و کەمامەی هەوایی بەستبوو.لانە زۆر دڵی خۆش بوو وایدەزانی بۆ فیستیفاڵەکە دەچێت.کاتێک گەیشتە سەر مانگ،یەکێک لە

کەشتیوانەکان هاتە لای و وتی:کچم لانە ،دابەزە واگەیشتینە سەر مانگ!لانە بە هۆی ئەو کلاوە گەورەیەی کە لەسەری دابوو ،هەتا ئەو کاتە نەیزانی کە ئەو کەشتیوانە باوکێتی.پاش ئەوەی بە دەوری خۆیدا ڕوانی جگە لە خۆڵ و وردە بەرد هیچی تری نەبینی ،بۆیە وتی:باوکە ئەی کوان هاوڕێکانم؟کوان میزەڵانە ڕەنگاوڕەنگەکان؟!ئەی ئێرە شاری یاری لێ نییە؟!

باوکی پێکەنی و وتی:کچم ئەو شتانە لێرە نین،چونکە ئێرە نە ئاوی لێیە نە هەوا.ئێرە ژیانی تێدا نییە،هیچ کەسێک ناتوانێت بە ئاسانی بێتە ئێرە،ئەوەتا ئێمە بەرگی تایبەتمان لەبەردایە،تەنانەت بە هۆی ئەو ئۆکسجینەوە هەناسە دەدەین کە لەسەر زەوییەوە هێناومانە.لانە وتی:بابە گیان،ئێستا هاوڕێکانم چاوەڕوانم دەکەن!ئەی ئەو نمایشەی ئامادەم کردووە بۆ یەکی شەش.ئۆف خوایە من چوزانم لەسەر مانگ یادی ڕۆژی منداڵان ناکرێتەوە.هەر کوردستان خۆشە،ئاو و هەوا و منداڵ و شاری یاریی لێیە!با بگەڕێینەوە بۆ کوردستان.باوکی وتی:لانە گیان،ئاڵای کوردستانم هێناوە ،ئێستا لێرەدا دەیچەقێنم ،ئینجا

سواری کەشتیەکە دەبین و دەگەڕێینەوە بۆ سەر زەوی.لەو کاتەدا کە بەرەو کەشتیەکە دەڕۆیشتن،لانە لە خەو ڕاچڵەکی و ڕوانی باوکی بەسەر سەریەوە وەستاوە .بە زەردەخەنەوە بە لانەی وت:کچم بڕۆ لە جێگەکەی خۆتدا بخەوە با بۆ فیستیفاڵەکەی بەیانی بە توانا و وزەیەکی باشەوە نمایشەکەت پێشکەش بکەیت........



# ساڵی تازە

سەری ساڵی تازەیە

لێومان پڕ لە خەندەیە

بۆیە شاد و بەختیارین

سەرگەرمی بەزم و یارین

ئەمڕۆ ئاهەنگ دەگێڕین

پیرۆزبایی دەنێرین

بە سڵاوێکی بۆنخۆش

دەرونتان دێنینە جۆش

ئێمەی منداڵی باخچە

وردیلەین وەکو خونچە

باخچەشمان ڕازاوەیە

چونکە ساڵی تازەیە

***

⋆کراوە بە گۆرانی ئاوازی :نەورۆز خضر وتنی :کۆرس(باخچەی ساوایانی ئەستێرە)

# کۆلێرا

گـــویْ دەگـــــرم لە ڕێنمایی

تـا هـــەستکـــەم بــە دڵنیـــایی

خــــــۆم دەپـــارێزم تــــەواو

لە تۆز و پیســــــی ســــەر ئاو

زۆر جـــــوان بە ســـابون و ئاو

پێش خـــواردن و دوای ســــەرئاو

دەســــــــتم دەشـــــۆرم خێرا

تـا دوور بم لــــــە کــــۆلێرا

کۆلێرا نەخـــــۆشــــــییە

سەرچـــــاوەکەی پیســــــییە

دەردێکی کـــــــوشــــــــندەیە

دژی خۆشـــــــی و خـــــەندەیە

ژینگـــــەی خـــــۆم دەپارێزم

تەندروســــــــت و بەهــــــێزم

# پێڕستی بابەتەکان


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٤ |
| ٢ | ڤینا و تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ | ٥ |
| ٣ | گۆڤار | ٧ |
| ٤ | هەڵەی من بوو | ٨ |
| ٥ | هەڵمەتی خاوێنی | ٩ |
| ٦ | سۆلین و بووکەشووشەکەی | ١١ |
| ٧ | دوا بڕیار | ١٢ |
| ٨ | باخچەی ساوا | ١٤ |
| ٩ | شەن و نمرەکانی نیوەی ساڵ | ١٦ |
| ١٠ | نەورۆز | ١٨ |
| ١١ | پاشەکەوت کردن | ٢٠ |
| ١٢ | نرخی ئاو | ٢٢ |
| ١٣ | لێوان بڕیاری پاکوخاوێنی دەدات | ٢٣ |
| ١٤ | چۆنیەتی دەرمان خواردن | ٢٥ |
| ١٥ | سۆزی ساوایانی باخچە | ٢٧ |
| ١٦ | هەوڵ و تاقیکردنەوە | ٣١ |
| ١٧ | هەوڵدان | ٣٣ |
| ١٩ | لاڤەی لە خۆبایی | ٣٤ |
| ٢٠ | هێماکانی هاتووچۆ | ٣٦ |
| ٢١ | گەرماو | ٣٨ |
| ٢٢ | تەلەفزیۆن | ٤٠ |

# پێڕستی بابەتەکان


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٢٣ | پاراستنی کەلوپەل | ٤٢ |
| ٢٤ | پۆلی یەک | ٤٤ |
| ٢٥ | نینۆک کردن | ٤٥ |
| ٢٦ | شاری یاری | ٤٧ |
| ٢٧ | رزگار بوون لە قەڵەوی | ٤٩ |
| ٢٨ | ساڵی وێی خوێندن | ٥١ |
| ٢٩ | هەڵەی دارۆ | ٥٣ |
| ٣٠ | وێنە کێشان | ٥٥ |
| ٣١ | ئارا و پشووی هاوین | ٥٧ |
| ٣٢ | بەفر | ٥٩ |
| ٣٣ | گەشتەکەی لانە بۆ سەر مانگ | ٦١ |
| ٣٤ | ساڵی تازە | ٦٤ |
| ٣٥ | کۆلێرا | ١٧ |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

## سوپاسنامە

⋆پڕ بە دڵ زۆر سوپاسی مامۆستای ئازیز و خۆشەویست مامۆستا (عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی) دەکەم کە زۆر ماندوو بوو لەگەڵ ئەم کتێبەدا ...............

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

سـلێمانی

٢٠٠٩/٣/٢٥